# شەو لە خۆردا ..!

محمد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

نیگای چاوی پڕ بریسکەی دیمەنەکان..
حەزی رواتیتی پڕ بەها..
بۆ کچە هەلێکی سۆزانی رسوا دەکەن،
تیرِوانینیا کردە نامۆ
بۆ نێو پێخەفی پاشایی ئەندێشەکان،
هەمانەیەك درۆی شاخدار
تێکەڵ مێژووی راستی دەکەن،
لەسەر مینبەری عەدالەت..!
بۆ خویندنەوەی دەستورەکان
مۆرانەیان لە نێو دڵی بەهادا چاند
هزر و ئاکار هێدی هێدی کەوتنە پوان.
لە یەقینێکی پیرۆزدا
دڵی پاکی فریشتەکان
لە فرِینی باڵندە
لە ماچ بازی سورە هەرمێی ی  تەلبەنکراوی ژوانەکان
لە چاوداگرتنی مانگە شەو..
مەلەی ماسی روبارەکان..
لە خۆشئاوازی بولبول و
لە جریەوەی چۆلەکەکان .. کەوتنە گومان.
****
سەمای گەڵای پیرە دارێ
بەدەم کزەبای شەماڵێکی رەشابەوە
هەرچی رەگ و ریشاڵ هەیە
لە هەناوی خاکا پچرِان..!
خاك خۆی لەپرسەی
کۆچپێکراوی
شارە مێرۆلەیەکیدا.. هەڵکورمابوو
خاك خۆی لە گێژەنی
دەنکە خورمایەکی نامۆی بەندەرێکیا قەتیس مابوو
رِەشەبا بە زەریای سپارد بوو
زەریاش بە بارانی وەیشومەیەك..!

****

نیگای چاوی پڕ بریسکەی دیمەنەکان

شۆڕشێکی هەرگیز نەدیو .. بەرپادەکەن

خۆ ئێمە فێری شۆڕشین

جەنگاوەر و بە هەڵمەتین

بەڵام شۆڕشی ئەم جارە

خەندەی شایی و لۆغانێکە گوڵاڵە سورە ناچێنێ..!

منداڵان های نێرگز ناکەن..!

دۆلکەی فافۆنێکی شکاو.. گۆرانی بۆ قۆریەکی ڕەش هەڵگەڕاو ناچڕێنێ،

پارچە ئاوێنەی نێو گیرفان.. تێڕوانینی تیا نامێنێ،

شەو لە خۆردا دێتە دەر و

ئاسک لە ئاسک سڵ دەکا

گوڵ لە پاخچە..

شمشاڵ لە لێو..

دڵ لە عەشق و یادی جاران،

شار لە هەموان  بیزار دەکا.

****

ئەو دیمەنانە بریسکەی چاوێکی دڕندەن..!

لە جەنگەڵی شەوەزەنگا

دڵدارەکان لەیەك دەکەن

هێمای پرسیارێکی وونبوون..!

لە زەنگۆڵەی..

کاروانێ ئازاری بێ دەنگا،

بە پانتایی سەبری ئەیوب

حەزی چۆلەکەی بەیانیان..

دڵی کۆتری لانەواز..

گڕی جێ فرمێسکی حەسرەت..

چاوی قرژاڵی کانیەکان..

یادگارەکانی قیامەت..

بە فیکەیەك هەڕاج دەکا.